# بەرنامەو پێڕەوی ناوخۆی
# حیزبی دیموکراتی کوردستان (ئێران)

هەواڵنامەی کوردستانی

پەسندکراوی کۆنگرەی سێهەمی حیزب

ڕەزبەری ١٣٥٢ ـ سێپتامبری ١٩٧٣

# بەرنامە وپێڕەوی ناوخۆی

# حیزبی دیموکراتی کوردستان(ئێران)

پەسندکراوی کۆنگرەی سێهەمی حیزب

ڕەزبەری ١٣٥٢ - سێپتامبری ١٩٧٣

# بەرنامەی حیزبی دێموکراتی کوردستان

## سەرەتا

١ ـ لەمێژە گەلی کورد لە پێناوی ئازادی و بۆ وەدەست هێنانی مافی دانانی چارەنووسی خـۆی خەبات دەکا . سەراسەری چەرخی نوزدە شاهیدی رابردووی خوێنـاوی نەتەوەکەمانە . لەسەرەتای چەرخی بیستەمەوە تا شەڕی دووهەمی جیهـانی ئەوخەباتە لە هەموپارچەکانی کوردستان هـەر درێژەی هەبووە . لـە کاتی بەربەرەکانی گەلانی ئازادیخوازی جیهـان بەرامبەر بە کۆنەپەرستی و فاشیزم پێویستی‌یەکی مێژوویی پەیدا بوو کە رێکخراوێکی سیاسی ئەوتۆ پێک بێ کە بتوانێ خەباتی گەلی کورد بەرێوە بەرێ . بۆ بەجێ‌گەیاندنی ئەم مەبەستە بوو کە گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لەو وەزعە لەبارەی کە پاش بیست سـال دیکتاتوری

ڕەزاشا بۆی هەلکەوتبوو گەلکی وەرگرت و ( حیزبی دێموکڕاتی کوردستان )ی دامەزراند . بەمجۆرە پێکهاتنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان نەتیجەی ئەو پێویستی‌یە مێژوویی‌یە و نیشانەی وریایی و ژیری ڕۆلەکانی پێشرەوی گەلی کوردبوو . لەودەمەوە حیزبی دیموکراتی کوردستان کە پیشڕەوترین ڕۆلەکانی گەلی لە ڕیزی خۆی‌دا کۆ کردۆتەوە ، ڕێنوێن و ڕێکخەری چین وتوێژەکانی نیشتمانی و دژی ئیمپریالیستی کوردستانی ئێرانە .

پێکهاتنی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە مێژووی گەلی کورددا نوختەیەکی گۆڕان بوو و بوو بەسەرەتای سەردەمێکی نوێ لە خەباتی میللەتەکەمان دا . بەسەرۆکایەتی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بوو کە نەتەوەی کورد توانی بۆ یەکەمجار لە مێژووی تازەی خۆی‌دا حکوومەتێکی نیشتمانی لە بەشێك لە خاکی کوردستان‌دا بهێنێتەسەر کار کە خەریك بوو ئاواتە مێژوویی یەکانی جێبەجێ بکا . ئەو حکوومەتە تەنیا یازدە مانگ دەوامی کرد و پاش پاشەکشەی بزووتنەوەی گەلانی ئێران جارێکی تر حوکمی دیکتاتۆری نیزامی و زۆرداری بەسەر هەموو کوردستانی ئێران دا زال بۆوە . بەلام گەلی کورد تێکۆشانی خۆی نەوەستاندوە و ئێستاش هەر بۆ هێنانەدی

ئامانجەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان خەبات دەکا ٠

حیزبی دێموکڕاتی کوردستان خاوەنی بیست‌و هەشت ساڵ خەباتی پڕ لە تەنگ و چەڵەمە و پڕ لە هەوراز و نشیو و پڕ لە فیداکاری و گیانبازی‌یە ٠ دیارە لەوماوەیەدا تاقی کردنەوەی زورتر بووەو لە خەباتی گەلی کورد و گەلانی‌تر دەرسی وەرگرتووە ٠ ئەو بەرنامەیە کەلە وەزع و حاڵی نوێی ئەمڕوی جیهان و روژهەلاتی ناوەراست و ئێران‌دا داندراوە شەرتەکانی گۆڕانی قووڵی سیاسی و پێشکەوتنی کومەڵایەتی و زانستی و تیکنیکی لە جیهان و هەروەها قۆناخی ئێستای خەباتی گەلانی ئێران و شەرتەکانی تایبەتی کوردستانی ئێران لەبەرچاو دەگرێ ٠

٢ ـ سەردەمی ئێمە سەردەمی ڕزگاری گەلانی زۆرلێکراو لەژێر زۆرداری ئیمپریالیزم ، سەردەمی کزبوونی بەرەی ئیمپریالیستی لە سەرانسەری جیهان ، سەردەمی پەیدابوون و پەرەئەستاندنی سۆسیالیزم و پێشکەوتنی هێزەکانی دێموکڕاتی و رزگاریخواز لە گشت‌وڵاتانە ٠ لە ماوەی بیست و هەشت ساڵ پاش شەڕی دووهەمی جیهانی گۆڕانی سیاسی ئەوتۆ پێک‌هاتووە کە سیمای سیاسی جیهانی گۆڕیوە ٠ سیستمی ئیستیعماری هەڵوەشاوە و

بێجگە لە چەند وڵاتێک موستەعمەرە لە دنیادا نەماوە. بە دەیلن نەتەوەی گەورە و بچووک مافی دانانی چارەنووسی خۆیان وەدەست هێناوە و دوڵەتی سەربەخۆیان دامەزراندوە.

ئەو گۆڕانکارە سیاسیانە لە زۆر وڵاتاندا گۆڕانێکی قووڵی کۆمەڵایەتی دەگەڵ بووە. لەم وڵاتانەدا کۆمەڵی دواکەوتووی کۆن لەناو چووە و کۆمەڵی پێشکەوتووی نوێ جێی گرتۆتەوە. چینە زۆردارو کۆنەپەرستەکانی سەر بە ئیمپریالیزم کە لەسەر کار بوون دەسەڵاتی سیاسی یان لەدەست داوە و نفووزی ئابووریان کەمتر بۆتەوە و هێزی گەل و نوێنەرانی توێژەکانی پێشکەوتووی کۆمەڵ دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرتوە.

چینی دەرەبەگ و پێوەندییەکانی دەرەبەگی لە زۆر وڵاتاندا هەڵوەشاوە و رێگا بۆ پێشکەوتنی کۆمەڵ لەم وڵاتانەدا کراوەتەوە. بە گشتی ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانە کە بتوانن کۆمەڵی ئادەمیزاد بەرەو پێش هان بدەن ئازادی کردەوەیان وەدەست هێناوە و ئیمکانیان بۆ پێک هاتوە کە بتوانن کۆمەڵێکی باشتر، پێشکەوتووتر و ئینسانیتر دروست بکەن.

ئەو وڵاتانەی کە لە باری ئابوورییەوە پێشکەوتوو بوون، لە سایەی دەستکەوتەکانی

زانست و تیکنیک کە ئیمکانی ئەدێنراویان بۆ پێشکەوتنی ئابووری پێك هێناوە، توانیویانە هەلدانی ئابووری خێرایان گورج تر بکەن و پایەی ژیانی دانیشتوانیان بەرز بکەنەوە. شۆرشی زانستی ـ تیکنیکی ئیمکانێکی راستەقینەی پێك هێناوە بۆ ئەوە هەموو ولاتێك بتوانێ دواکەوتوویی خۆی لەناو بەرێ و ژیانێکی شایانی ئادەمیزادی بەشی سێهەمی چەرخی بیستەم کە ئێمەی تێدا دەژین پێك بێنێ. بەلام جارێ لە کاتێکدا کە هێندێ ولات توانیویانە پایەی ژیانی زۆربەی دانیشتوانی خۆیان بەرز بکەنەوە و کۆمەلێکی مەسرەفی دروست بکەن کە زۆر شتوومەك بە فراوانی دەکەوێتە دەست کۆمەلانی خەلك، بە سەدان میلیون کەس لە ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین لە وزەیان دانیە شتوومەکی پێویستی سەرەتایی بۆ خۆیان دابین بکەن. تەنانەت لە هێندێ ولات زۆریان راست و رەوان لە برسیان دەمرن. ئەوە یەکێك لە گرینگترین ئاتەبایییەکانی کۆمەلی ئێستای مرۆڤایەتییە.

ولاتە ئیمپریالیستیەکان ئێستاش لە هێزی ئابووری و سیاسی خۆیان بۆ پاراستنی پێوەندی غەیری متساوی ناودەولەتان کەلك وەردەگرن. ئێستاش ئەتەوە زۆرلێکراوەکانی پێشوو بەتایبەتی ئەتەوە بچووکەکان، ئەشیان لە دارشتنی سیاسەتی

ناو نەتەوەیەتی‌دا زۆر کەمە و تەنانەت زۆر جار مافە ڕەواکانیان لە لایەن ئیمپریالیستەکانەوە دەخرێتە ژێر پێ . بەڵام لە ئەساس‌دا پێوەندی ئیستعماری کـۆن لەناو چووە و بەرەیەکی بەرینی دژی ئیمپریالیستی لە ولاتەکانی سۆسیالیستی و دیموکرات ، لە ولاتەکانی تازە ڕزگارکراو ، لە نەتەوەکانی ئەو وڵاتانەکە بۆ ئازادی خۆیان خەبات دەکەن پێک‌هاتووە کە بۆتە هێزێکی توانا و بە پشتیوانی بیروڕای گشتی مرۆڤایەتی پێشکەوتوو بۆتە عامیلێکی گرینگی سیاسەتی جیهانی . وەزعێکی ئەوتۆ پێک‌هاتووە کە نەتەوە بچووکەکانیش پشت ئەستوور بە هێزی خۆیان و بە کەڵک وەرگرتن لەهاودەردی مرۆڤایەتی پێشکەوتوو ، بتوانن مافە ڕەواکانی خۆیان وەدەست بێنن وبپارێزن .

٣ ـ لە ماوەی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی ئێران لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی‌یەوە گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتووە . لە ڕاستیش‌دا ئێران نەیدەتوانی بە تەواوی لە گۆڕانی قووڵی جیهانی خۆ کەنار بگرێ . بەڵام ئەو گۆڕانە وەڵامدەری ئیمکانی ئابووری و تەبیعی ئێران نی‌یە و ئێران ئێستاش هەر بە وڵاتێکی دواکەوتوو حیساب دەکرێ . بێجگە لەوە ئەو گۆڕانە زیاتر بە قازانجی چینە دەستەڵاتدارەکان و جیرەخۆرانی

سەربەدەربار و دەوڵەت بووە و کۆمەڵانی خەڵک ئێستاش هەر لە هەژاری و چارەرەشی دا دەژین ۰ زۆربەی خەڵکی ئێران بەتایبەتی لە لادێ ئێستاش هەر نەخوێندەوارن و لە یارمەتی لەش‌ساخی وپزیشکی بێ‌بەشن ۰

تەرکیبی کۆمەڵایەتی لادێ تارادەیەکی زۆر گۆڕاوە ۰ چینی دەرەبەگ و خاوەن ملکە گەورەکان لە ئەساس‌دا وەك چین لەناو چوون و جێگای خۆیان داوە بە بورژوازی لادێ کە لە مالیکە چووکەکان‌و وەرزیرانی دەوڵەمەند پێك‌هاتووە ۰ مەبەستی ڕێژیمی شا و ئیمپریالیزم کە پشتیوانی لەو گۆڕانە کردوە و دەیکا ، بەرین تر کردنی بازاری سەرمایەداری‌و پێك‌هێنانی بورژوازی‌یە لە لادێ کە لە لایەکەوە ببێ بە بنکەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ ڕێژیم و لە لایەکی ترەوە ڕێگای پەرەئەستاندنی سەرمایەداری خۆش بکا ۰ دیارە لە سەنعەتیش‌دا ڕێژیم بەشی خصوصی بە زیانی بەشی گشتی بەهێز تر دەکا و بۆ هینان و وەکارخستنی سەرمایەی بیگانە دەرەتانی لەبار پێك‌دێنی کە لیرەش‌دا مەبەست هەر گەشەپیدانی سەرمایەداری لە سەنعەت دایە ۰ بەم جۆرە ئێران بە گشتی وەك وڵاتێکی دواکەوتوو ڕێگای پەرەستاندنی سەرمایەداری گرتۆتە پێش ، ڕێگایەك کە تاقی‌کردنەوەی زۆر وڵاتی دواکەوتووی

تر چەوت بوونی سەلماندوە و بە ئاشکرا نیشانی داوە کە بە زیانی کۆمەلانی خەلکە

ڕاستە کە ئێستا کۆنسۆرسیۆم ڕاستەوخۆ سەنعەتی نەوتی ئێران ئەلناشوورێنی ، بەلام ڕژێمی شاهەنشاهی بەرعۆدە بووە کە هەتا بیست ساڵی دیکە نەوتی ئێران بە کۆنسۆرسیۆم بفرۆشێ . هەر ئێستا لەسەر داخوازی کۆنسۆرسیۆم ئەوەندە خێرا نەوت دەردێنن کە وای دەچێ تا ئاخری چارەکی بیستەم چاڵەکانی نەوتی ئێران بە تەواوی وشک بێ . بەم جۆرە ڕژێمی سەر بە ئیمپریالیزمی ئێران خەیانەت بە نەسلەکانی داهاتووش دەکا .

مۆنۆپۆلەکانی ئەندامی کۆنسۆرسیۆم زۆربەی سەرچاوەکانی نەوت و بازاری ولاتەکانی غەیرە سۆسیالیستیان بە دەستەوەیە . ئاشکرایە کە لە هەلومەرجێکی ئەوتۆدا کۆنسۆرسیۆم دەتوانێ شەرتەکانی خۆی کە نەتیجەی وەزعی نابەرابەری ولاتانی هەرە گەورەی سەرمایەداریە بەسەر ئێرانیدا بسەپێنێ .

لە سیاسەتی دەرەوەدا ڕژێمی ئێران بە کشتی پەیڕەوی لە ئیمپریالیزم و بە تایبەتی ئیمپریالیزمی ئەمریکا دەکا . بێجگە لە ئەندامەتی پەیمانی سەنتۆ کە دەستەبەندیەکی عەسکەری و ئیمپریالیستی دژی گەلانی ڕۆژهەلاتی ناوەراستە ، ئێران پەیمانی

دوورقۆڵی عەسکەریشی دەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەستووە و هەزاران موستەشاری ئەمریکایی بەسەر لەشکر و پۆلیس و ژاندارمەریدا زاڵن .

لە ئێرانی ئەمڕۆ دیکتاتۆری گەیشتۆتە ئـەو پەڕی . شوێنەواری ئازادی و دێموکراتی نەماوە . حیزبە نیشتمانی و پێشکەوتووەکان ، بـەندیکا و ڕێکخراوە دێموکراتیەکانی سینفی هەموو بـە غەیرەقانوونی ناسراون ، ئازادی بەیـان و بڵاوکردنەوە نەماوە ، نوێنەرانی مەجلیسی شوورا و سەنا لە لایەن شاوە دیاری دەکرێن ، دەسەڵاتی قانون دانان و دادخـوازی و ئیجرائی هەمـوو بەدەست شـاوەیە . دەزگای ئەرتەش و پۆلیس و سازمانی ئەمنیەت حاکمی گیان و ماڵی خـەڵکن . ئێران بۆتــە بەندیخانەی هەمـوو ئینسانێکی بەشەرەف و ئازادیخواز .

بەم جۆرە ناتەباییەکی گرینگ لەناو دەسەڵاتی سیاسی وڵات و گۆڕانی ئابووری و کۆمەڵایەتی ، لەناو شا و دەربار و جیرەخۆرانی لە لایەکەوە و گەلانی ئێران لە لایەکی دیکەوە پێک هاتووە کە تاقە ڕێگای چارەسەرکردنی بەرپا کردنی شۆڕشێکی قووڵی کۆمەڵایەتییە .

٤ — کوردستانی ئێران لە باری ئابووری و کۆمەڵایەتییەوە ناوچەیەکی دواکەوتووە لە نـاو

ولاَتێکی دواکەوتودا • لە راستیدا کوردستانی ئێران هەرچەند لە باری تەبیعی و سامانی ژێر ئەرزیەوە دەولەمەندە ، یەکێك لە پاشکەوتووترین ناوچەکانی ئێرانە • گۆڕانی ئابووری و کۆمەلاَیەتی لە کوردستانی ئێران تەنانەت وەك ناوچەکانی تری ئێرانیش پیك نەهاتووە• وەزعی ئابووری و لەش ساخیو فەرهەنگیزوربەیدانیشتوانی کوردستانی ئێران زۆر کەم گۆڕاوە • پایەی ژیان زۆر نزمە • زەحمەتکێشانی کوردستان لە هەژاری و کوێرەوەریدا دەژین • دێیەکانی کوردستان لەیارمەتی پزیشکیو دەرمانیو قوتابخانەو ئاوەدانی بەتەواوی بێبەشن •

کوردستانی ئێران ناوچەی هەرەمیلیتاریزەکراوی ئێرانە • قانوون لێرەدا هیچ مانایەکی نییە • مووچەخۆرانی لەشکر و ژاندارمەری و سازمانی ئەمنیەت هەموو دەستەلاَتێکیان بەدەستەوەیە • زۆرداری نەتەوایەتی هەموو کوردستانی ئێرانی گرتۆتەوە• رێژیمی شا لە نیوەی دووهەمی چەرخی بیستەمیشدا نایەوێ ئیعتراف بکا کە لە ئێران نەتەوەیەك بە ناوی نەتەوەی کورد هەیە کە بەشێکە لەو نەتەوەیەی کە لە ولاَتەکانی دراوسێی ئێرانیش لەسەر خاکی باب و باپیریان دەژین • منداڵانی کورد دەبێ هەر لە منداڵیەوە بە

زمانی فارسی بخوێنن و مەجبورن لە قوتابخانـەدا بە فارسی بدوێن ٠ بڵاو کردنەوەی چاپەمەنی بـە زمانی کوردی قەدەخەیە ٠ فەرهـەنگی نەتەوایەتی گـەلی کـورد دەرەتانی پێشکەوتنی نی‌یـە ٠ مووچەخۆرانی بەرز زوربەیان کورد نین ٠ کەمترین داخوازی نەتەوایەتی بە توندی سەرکوت دەکرێ ٠ سیاسەتی کردنەفارسی کوردەکان کـە لـە زەمانی ڕەزاشا وە دەست پێکرابوو ئێستاش هەر درێژەی هەیە ٠ زۆرداری نەتەوایەتی لە هەموو بەشـێکی ژیـانی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی‌دا لـــە کوردستانی ئێران بەرچاو دەکەوێ ٠ کوردسـتان کراوە بە بەندیخانەی گەلی کورد ٠

٥ ـ بەم جۆرە ئیمپریالیزم و ڕێژیمی شا و هاودەستەکانی لە کوردستان دوژمنی گـەلی کـورد و کۆسپی پێشکەوتنی وڵاتـەکەمانن ٠ خـەباتی گەلەکەمان دژی ئەوانەیە ٠ حیزبی ئێمە لەو بڕوایە دایەکە گەلانی زۆرلێکراوی ئێرانیش هـەر لـەو وەزعە دان و دوژمنانی گەلی کورد دوژمنانی گەلانی ئێرانن ٠ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان گەلانـــی ئێران دەگەڵ کاربەدەستانی ڕێژیمی شا وەک‌یەک تەماشا ناکا ٠ حیزبی ئێمە لەو بڕوایە دایـــە کەرێگای ڕزگاری ئێران پێک‌هێنانی بەرە یەکـــی بەرینی یەکگرتووی دژی ئیمپریالیستی‌یە کە هێزە

دێموکراتی و نیشتمانی یەکان و ڕێکخراوەکانی سیاسی و سینفی پێشکەوتوو لە سەر ئەساسی بەرنامەیەکی هاوبەش لە ڕیزی خۆیدا کۆ بکاتەوە ．
حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو بڕوایەدایە کە بۆ ڕزگاری ئێران لە ژێر نفووزی ئیمپریالیزم و دابین کردنی دێموکراتی بۆ ئێران و مافە نەتەوایەتیەکانی گەلی کورد ، دەبێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی پاشایەتی بڕووخێ و لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیدا حکوومەتی خودموختاری کوردستان دابمەزرێ کە بتوانێ داخوازەکانی مێژوویی گەلی کورد وەدی بێنێ ．

خەبات بۆ پێکهێنانی حکوومەتێکی خودموختار لە کوردستان کە داخوازێکی درێژخایەنە ، دەگەڵ خەبات بۆ جێ بەجێ کردنی هێندێ داخوازی لە چوارچێوەی ڕێژیمی ئێستای ئێراندا ناتەبایی نیە ．
حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو بڕوایەدایە کە بە خەباتی شێلگیر ئیمکان هەیە ڕێژیم مەجبوور بکرێ پاشەکشە بکا ． جا لە بەر ئەوە حیزبی ئێمە هەر ئێستاش بۆ هێنانەدی هێندێ داخوازی وەک ئازادی زیندانیانی سیاسی و بە ڕەسمی ناساندنی زمانی کوردی و ．．． هتد خەبات دەکا و پێی وایە کە بە خەباتی ڕێک و پێک دەتوانێ ئەم داخوازانە بەسەر ڕێژیمی شادا بسەپێنێ ．

٦ – بۆ گەیشتن بە ئامانجی ئەسڵی گەلی کورد کە بریتی یە لە پێکهێنانی حکوومەتی خۆدموختاری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیدا ، حیزبی دێموکراتی کوردستان یەکگرتنی هێزە دێموکراتی و نیشتمانییەکانی ئێران بە شەرتێکی ئەساسی دادەنێ . مێژووی ٢٨ ساڵ جوولانەوەی دێموکراتی لە ئێران بە چاکی دەری دەخا کە ئیمپریالیزم و ڕژیمی شا لە ئێران لە نەبوونی یەکیتی هێزە شۆڕشگێڕ و پێشڕەوەکانی گەلانی ئێران ئەوپەڕی کەڵکیان وەرگرتوە . لە ڕاستیدا ڕژیمی دژی نیشتمانیی هەربۆیە خۆی ڕاگرتوە کە بەرەیەکی یەکگرتووی شۆڕشگێڕ لە ئێراندا پێک نەهاتوە کە بتوانێ خەباتی کۆمەڵانی خەڵک بەرێوە بەرێ .

حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ پێکهێنانی ئەو یەکیەتییە ، هەم دژی شوڤینیزمی ئێرانییە کە حاشا لە بوونی نەتەوەی کورد دەکا و هیچ مافێکی نەتەوایەتی بۆ قایل نیە و هەم دژی ناسیونالیزمی بەرچاوتەنگی کورد کە ڕژیمی شا و گەلانی ئێران لێک جیا ناکاتەوە ، خەبات دەکا . هەم شوڤینیزمی ئێرانی و هەم ناسیونالیزمی بەرچاوتەنگی کورد هەردوکیان دوژمنی یەکگرتنی جوولانەوەی نیشتمانی گەلانی ئێرانن . هەر لەو کاتەشدا حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو بڕوایەدایە کە لە

وەزع و حالی ئێستادا مەترسی گەورەتر شۆڤینیزمی مەزنیخوازی ئێرانییە ٠

حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەو بەرنامەیە دەخاتە بەرچاوی گەلی کورد و لە گشت دانیشتوانی کوردستان کرێکاران ، جوتیاران ، رووناکبیران ، بازاریان و عەشیرەتە نیشتمان پەروەرەکان و لــە هەموو رۆلە بەشەرەفەکانی کوردستان دەگێڕێتەوە کە بۆ وەدیهێنانی بەندەکانی ئەو بەرنامــــەیە تێبکۆشن ٠ حیزبی دیموکراتی کوردستان دلنیایەکە یەکیتی و خەباتی شێلگیری گەلی کورد پێکەوە دەگەل گەلانی تری ئێران دەتوانێ و دەبێ رێژیمی سەر بە ئیمپریالیزمی شا بڕووخێنێ ٠ ئێستا لە سەرشانی ئەندامان و لایەنگرانی حیزبە کە ئەم بەرنامەیە بەرنە ناو کۆمەلانی گــــەلی کورد و لەسەری بدوێن و بیروباوەڕی حیزبی ئێمــە لەسەر گیروگرفتەکانی ئابووری و ســـیاسی و کۆمەلایەتی وڵات روون بکەنەوە ٠

کۆمەلانی خەلك دەبێ بە تەواوی لەم بەرنامەیە بگەن و بە بەرنامەی تێکۆشانی سیاسی خــۆیانی بزانن ٠ تەنیا لەو کاتەدایەکە بەرنامەی حیزبی ئێمە دەبێتە هێزێکی مادی توانا و هەموو کوردستانی ئێران وە جووڵانەوە دەخا ٠ تەنیا لەو کاتە دایە کە هێزی بێ بایانی گەل بۆ بەجێ هێنانی بەرنامەکەمان

دەجوولێتەوە و سەرکەوتنی نیهایی بۆ نەتەوەکەمان دابین دەکا ٠

گەلی ئێمە پشتئەستوور بە هێزی خۆی لەو خەباتەدا لە پشتیوانی هەموو گەلانی ئیران و جیهان و گشت هێزە دێموکڕاتی و نیشتمانیەکانی دنیا کەلک وەردەگرێ ٠ گەلی کورد تەنیا نەتەوەیەکی پازدە میلیۆنی رۆژهەلاتی ناوڕاستە کە لە مافی دانانی چارەنووسی خۆی بێبەشە ٠ لە کوردستانی عێراق بەشێك لە گەلەکەمان پاش خەباتێکی دوورودرێژ مافی نەتەوایەتی بە شکلی خودموختاری وەدەست هێناوە و خەریکی چەسپاندنی ئەم مافەیە٠ تێبکۆشین با میلیۆنها کورد لە ئێرانیش لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکڕاتیدا مافی خودموختاری وەدەست بێنن ٠

حیزبی دیموکڕاتی کوردستان ئامانجەکانی خۆی لەو بەرنامەیەدا کونجاندوەو هێنانەدی ئەو ئامانجانە ئەرکی سەرشانی حکومەتی خودموختاری کوردستانە کە لە چوارچێوەی ئێرانیکی دیموکراتیدا پیکدێ ٠

## ئامانجەکانی گشتی :

١ ـ حیزبی دیموکراتی کوردستان حیزبی پێشڕەوی گەلی کوردە لە کوردستانی ئێران و دەگەڵ هێزە پێشکەوتووەکانی ئێران دژی ئیمپریالیزم و ڕێژیمی کۆنەپەرستی پاشایەتی و بۆ ڕزگاری سەرانسەری ئێران و وەدەست هێنانی مافی دانانی چارەنووسی گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا خەبات دەکا .

٢ ـ حیزبی دیموکراتی کوردستان لایەنگری ئاشتی و دۆستایەتی ناو میللەتانە و پشتیوانی خەباتی ڕزگاری خوازی گەلانی هەموو وڵاتان دژی ئیمپریالیزمی جیهانی یە .

٣ ـ ئامانجی داوڕۆژی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێک هێنانی کۆمەڵێکی دادپەروەری سۆسیالیستی یە .

٤ ـ دروشمی ستراتیژیکی حیزبی دیموکراتی کوردستان پێک هێنانی خودموختاری بۆ کوردستانە لە چوارچێوەی ئێرانێکی دیموکراتی دا .

٥ ـ حکوومەتی میللی خود موختاری کوردستان لە هەموو خاکی کوردستانی ئێران پێکدێ . سنووری کوردستانی ئیران بەچەشنێک دیاری دەکرێ کە دەگەڵ شەرتەکانی مێژوویی و جوغرافیایی و ئابووری بگونجێ و دەگەڵ ویستی زوربەی دانیشتوانی ئەو ناوچەیە رێک کەوێ .

**هەڵسووراندنی کاروباری دەوڵەتی :**

٦ ـ کاروباری سیاسەتی دەرەوە ، دیفاع و دانانی پرۆژەی ئابووری درێژخایەن بۆ هەموو ئێران لەسەڵاحیەتی حکوومەتی دیموکراتی ئێران دایە . بێجگە لەوە هەموو سەڵاحیەتی دەستەڵاتی حکوومەتی لە کوردستان بەدەست حکوومەتی میللی خودموختاری کوردستانەوەیە . نوێنەرانی حکوومەتی میللی خودموختاری کوردستان لەبەڕێوەبردنی کارو باری دەوڵەتی مەرکەزیدا بەشدار دەبن .

٧ ـ لە حکوومەتی میللی خودموختاری کوردستاندا هەموو دەستەڵات بە دەست خەلکەوەیە کەبەهۆی نوێنەرانی خۆی لە ئەنجومەنی نەتەوایەتی کوردستاندا ئەو دەستەڵاتە بەکاردێنێ .

٨ ـ ئەنجومەنی نەتەوایەتی کوردستان بەرزترین ئۆرگانی قانووندانانی حکوومەتی میللی خودموختاری کوردستانە . نوێنەرانی ئەنجومەن لە

لایەن خەلکەوە هەلدەبژێرێن ٠ هەموو ئەو کەسانەی تەمەنیان گەیشتبێتە ١٨ سال مافی هەلبژاردن و ئەوانەی تەمەنیان گەیشتبێتە ٢١ سال مافی هەلبژێردرانیان هەیە ٠ هەلبژاردن گشتی ، وەك یەك ، راستەوخۆ و نهێنییە ٠ ژن و پیاو لە هەلبژاردن و هەلبژێر دراندا مافیان وەكیەكە ٠

٩ ــ دەزگای دەولەتی لە کوردستاندا لە سەرەوە هەتا خوارێ بە دەست ئۆرگانەکانی حکوومەتی میللی خودموختاری کوردستانەوەیە ٠ هەلسووڕاندنی دەزگای دەولەتی لەسەر ئەساسی ناردنی کاربەدەست لە لایەن دەولەتی مەرکەزیەوە کە تا ئێستا باوە ، هەلدەوەشێ ٠

١٠ــ پۆلیس و ژاندارمری هەلدەوەشیو لە جێگای وان لە کوردستان هێزی پێشمەرگە دادەمەزرێ ٠ لە جێگای ئەرتەشی کۆنەپەرستی شاهەنشاهی لەشکری گەل بۆ دیفاع لە نیشتمان و دەستکەوتەکانی گەل پێكدێ ٠

١١ــ زمانی کوردی ، زمانی رەسمی حکوومەتی میللی خودموختاری کوردستانە٠ لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا فێربوون بە زمانی کوردییە و لەئیدارەکانی دەولەتیشدا ئەو زمانە بە رەسمی بەکار دەهێندرێ ٠ زمانی فارسی هەروەك لە ناوچەکانی تری ئێران ، لە حکوومەتی میللی

خودموختاری کوردستانیش زمانێکی ڕەسـمی دەوڵەتی‌یە و لە قوتابخانەکان پاش ساڵی چواری سـەرەتایی منداڵانی کوردستان وێرای زمـانی کوردی دەیخوێنن ٠

١٢ـ کەمایەتیەکانی نەتەوایەتی دانیشتووی کوردستان دەگەڵ کوردەکان مافیان وەکیەکە ٠ مافی فەرهەنگیان دابین دکرێ‌و منداڵەکانیان لە قوتابخانە سەرەتاییەکان‌دا بە زمانی زگماکی خۆیان دەخوێنن و مافی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەو کتێب بە زمـانی خۆیان دەبێ ٠

١٣ ـ حکومـەتی میللی خودموختـاری کوردستان ئازادیە دیموکراتیەکان ، ئازادی بەیـان وبڵاوکردنەوە ، دانانی ڕیکخـراو و سەندیکا بۆ هەموو چینەکانی دێموکراتی و توێژەکانی گـەل تەزمین دەکا٠ دانیشتوانی کوردستان لە هەڵبژاردنی کارو جێـگای خۆیان دا سەربەستن و سەربەستی هاتو چۆیان هەیە ٠

١٤ـ دەوڵەت و دین لێك‌جیان ٠ هەمـوو دینێك ئازادە و پەیڕەوانی هەموو دینەکان بەرامبەر قانوون وەکیەکن ٠ قانوون ڕێگای جیاوازی دانانی ڕگەزی ودینی نادا ٠

١٥ـ ژن و پیاو لە ناوخێزان و لە ناو کۆمەڵدا

مافی وەکیەکیان هەیە و بۆ کاری وەکیەك مووچەی وەکیەك وەردەگرن .

## ئامانجەکانی ئابووری :

١٦- ڕێبازی ئەساسی پێشکەوتنی ئابووری سەرانسەری ئێران و هەروەها کوردستان سەنعەتی کردن بەپێی ئوسولی تازە و بە ڕیککەوتن دەگەڵ دەستکەوتەکانی شۆڕشی زانستیو تیکنیکیلە جیهان دایە . دانانی بناخەیەکی ئابووری و کۆمەڵایەتی پێویست بۆ سەنعەتی کردن یەکێك لە ئەرکەکانی هەرە ئەساسی حکوومەتی دیمۆکراتی ئێران وحکومەتی میللی خودموختاری کوردستانە .

١٧ - حکوومەتی میللی خودموختاری کوردستان بە هۆی بەشی گشتی ئابووری کە بەشی ئەساسی پێشخستنی ئابووری‌یە سەنعەتی پێشکەوتوو لە کوردستان‌دا پێك‌دێنێ و سەنعەتی نیشتمانی و دەستکرد کە ئێستا هەیە دەپارێزێ . لە تەنیشت بەشی گشتی ئابووری بەشی تەعاونی و خصوصیش لەسەنعەتی کردنی ولات‌دا بەشدار دەبن .

١٨ - سەرچاوەکانی ژێرزەوی وهەروەها ئاو و لێرەوارو هەوارگە سامانی هەموو خەلکی کوردستانە و حکوومەتی میللی خودموختاری

کوردستان بە قازانجی کۆمەڵانی خەڵك کەڵکیان لێوەردەگرێ ·
١٩– زیاتر کردنی بەرهەمی کشتوکاڵ لە ریگای میکانیزەکردن و بەکارهینانی شێوەی زانستی لە کشتوکاڵدا و دانانی پرۆژەی بەراوکردن و دروست کردنی سەد ، بەشێکی هەرەگرینگی سیاسەتی ئابووری حکوومەتی میللی خودموختاری کوردستانە ·
٢٠– حکوومەتی میللی خودموختاری کوردستان هەوڵ دەدا بۆ گەشەپیدانی بازرگانی ناوخۆ و دەرەوە و بووژاندنەوەی کەسب و کار و پیشەسازی لە کوردستاندا و ئەو پرۆژەئابووریانە کە جێبەجێکردنیان لە لایەن بەشی گشتییەوە بە قازانجی پەرەئەستاندنی ئابووری وڵات نیە بە بەشی خصوصی دەسپێردرێن · ئەمەش بە مەبەستی کەڵك وەرگرتن لەهەموو سەرچاوەیەکی ئابووری بۆ پێشخستنی وڵاتە ·
٢١– بەرزکردنەوەی پایەی ژیانی گەل و بەتایبەتی زەحمەتکێشانی کوردستان ناوەرۆکی ئەساسی سیاسەتی ئابووری حکوومەتی میللی خودموختاری کوردستانە و ئەم حکوومەتە هەموو هێزو ئیمکاناتی خۆی بەکار دینێ بۆ ئەوەی هەرچی زووتر زوربەی دانیشتوانی کوردستان کە لە هەژاریو بێبەشیدا دەژین لەم وەزعە رزگار بکا و

ژیانێکی ئـــەو تۆیان بۆ پێك بێنێ کـــە شـــایانی ئادەمیزادی ئەمڕۆژگارە بێ ·

۲۲ــ ئەسڵی هەشت سەعات کاری رۆژانە لە هـــەموو جێگایەك دێتـــە دی · لانی کەمی کرێی کرێکاران دیاری‌و بە پێی خەرجی ژیان زیاد دەکرێ · ئەو کرێکارانەی کە کارێکی دژواریان هەیە نابێ لە شەش ســـەعات زیـــاتر کار بکەن · کرێکاران وڕەنجبەران بەرامبەر پێشهاتەکانی کار و نەخۆشی و پیری بیمە دەبن‌و ئەو منداڵانەی تەمەنیان لە ۱۵ ساڵ کەمترە نابێ کار بکەن ·

۲۳ــ زەوی هی ئـــەو کەســـەیە کە کاری لەسەردەکا · تەواوی زەوی دوژمنانی گەل بەسەر وەرزێرانی بێ‌زەوی‌دا بە خۆرایی دابەش دەکرێ · قیستەکانی ئـــەو زەویانە کـــە بەســـەر وەرزێراندا بەشکراوە نادرێتەوە ·

۲٤ــ حکوومـــەتی میللی خودموختـــاری کوردستان پێویستە یارمەتی وەرزێران بدا بو ئەوەی بتوانن ئامرازی کشت‌وکاڵ بۆ خۆیان ئامادە بکەن و بەرهەمی کشت‌وکاڵیان بە نرخێکی باش لێ بکڕێ و بۆ ماوەی زور و بە سوودی کەم قەرزیان بداتێ · قەرزی وەرزێران بە سوودخۆرانی شـــار و لادێ و دوژمنانی گەل نادرێتەوە · بیگار لە سەرانسەری

کوردستان هەڵدەگیرێ وهیچ چەشنە سووروساتیک نامێنێ ٠

٢٥ـ حکوومەتی میللی خودموختاری کوردستان بایەخێکی تایبەتی دەدا بە پەرەپیدانی ئاژەڵداری و هەوارگەکان بەپێی شەرتی لەبار بە ئاژەڵداران دەسپێردرێن و رێگای زانستیو دروستی پەروەردەکردنی مەرومالیان فێردەکرێ ٠

## سیاسەتی فەرهەنگی و لەش‌ساخی :

٢٦ـ هەموو منداڵانی کوردستان کچ وکور تا ١٥ ساڵی بە ئیجباری دەبێ بخوێنن و حکوومەتی میللی خودموختاری کوردستان بە گورجی خەریکی لەناوبردنی نەخوێندەواری دەبێ ٠ لە کوردستان خەرجی خوێندنی سەرەتایی لەسەر حکوومەتە و خوێندن لە پلەکانی تری فێربووندا بە خۆڕایی‌یە ٠ یارمەتی دەوڵەت لەوبارەوە قوتابخانە ئایینی یەکانیش دەگرێتەوە ٠

٢٧ـ حکوومەتی میللی خودموختاری کوردستان بۆ بەرزکردنەوەی پایەی فەرهەنگی گەل و دامەزراندنی بنکەی فەرهەنگی وزانستی وەك تیئاتر (نمایش)ی میللی وسینەما و مەدرەسەی عالی وزانستگا تێدەکۆشێ ٠

٢٨ـ پەرەپێدانی زمانو ئەدەبی کوردی ، پشتیوانی لە نووسەران و زانایانی کورد ، ریبازی

دایمی سیاسەتی فەرهەنگی حکوومەتی میللی خودموختاری کوردستان دەبێ ٠

٢٩- روناکبیرانی کوردستان بە بێ لێوەشاوەیی‌یان کاریان دەدرێتێ ٠ حکوومەتی میللی خودموختاری کوردستان سیاسەتێکی ئەوتۆ بەرامبەر رووناکبیران دەگرێتە پێش کە ولاتی خۆیان بەجێ نەهێڵن و خزمەتی نیشتمانی خۆیان بکەن ٠

٣٠- حکوومەتی میللی خودموختاری کوردستان بۆ بەرزکردنەوەی پایەی لەش‌ساغی هەموو گەل تێ‌دەکۆشێ و وەزعیکی وا پێك دێنێ کە هەموو خەڵکی کوردستان بتوانێ لە یارمەتی خۆڕایی پزیشکی گەلك وەربگرێ‌و بۆ نەهێشتنی ئەو نەخۆشیانە کە لە کوردستان دا بلاو بوونەوە بەربەرەکانیەکی توند دەست پێ‌دەکا ٠

**سیاسەتی دەرەوە :**

٣١- سیاسەتی دەرەوەی حکوومەتی دیموکراتی ئێران سیاسەتێکی بێ‌لایەن و سەربەخۆیە و پێوەندی دەگەڵ ولاتان لەسەر ئەساسی ریزگرتنی یەکتر و ناسینی حاکمیەتی نەتەوایەتی و دەستدرێژی نەکردن لە کاروباری یەکتر دادەمەزرێنێ و دەگەڵ ولاتانی سوسیالیستی و

ئەو وڵاتانە کـــــە سیاسەتێکی دیموکراتی و دژی ئیمپریالیستی‌یان هەیە پێوەندی دۆستایەتی پێک دێنێ ٠

٣٢ ـ حکوومەتی دیموکراتی ئێران پشتیوانی لە خەباتی رزگاری خوازانە و دژی ئیمپریالیستی گەلان دەکا و لایەنگری ئەوەیە کە هەموو نەتەوەیەك مافی دانانی چارەنووسی خۆی هەبێ ٠

٣٣ـ حکوومەتی دیموکراتی ئێران لەریـــزی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان‌دا و لـــە دەرەوەی ئەم رێکخراوە دیفاع لە ئاشتی جیهانی و پێکەوەژیانی بـــە ئاشتی لـــە ناو گەلان دەکـــا و لایەنگری چارەسەرکردنی گیروگرفتەکانی ناو نەتەوایەتی لە رێگای وتووێژەوە بەبێ بەکارهێنانی زۆرە ٠

٣٤ـ حکوومـــــەتی دیموکراتی ئێران دەبێ ببێتە بنکەی یارمەتی بە خەباتی رزگاری خوازانەی گەلانی زۆرلێکراو بەتایبەتی لـــە رۆژهـــەڵاتی ناوەڕاست‌دا و پەنای سیاسی بە هەموو ئینسانێکی نیشتمانی و ئازادیخواز دەدا ٠ هەروەها حکوومەتی میللی خودموختاری کوردستان لـــە هەموو هـــەل و دەرفەتێك بۆیارمەتی برایانی کورد لـــە پارچەکانی تری کوردستان‌دا کەڵك وەردەگرێ و پەنای سیاسی بە هەموو کوردێکی نیشتمانپەروەر دەدا ٠

# پێڕەوی ناوخۆی حیزبی دیموکراتی کوردستان

**بەندی یەکەم ـ ناو و سروشتی حیزب :**

١ ـ ناوی حیزب ( حیزبی دیموکڕاتی کوردستان )ە ٠

١ ـ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان حیزبی پێشڕەوی هەموو گەلی کوردە لە کوردستانی ئێراندا و بە تایبەتی کرێکاران و جووتیارانی تێکۆشەر و رووناکبیرانی شۆڕشگێڕ لە ریزی خۆی دا کۆ دەکاتەوە ٠

٣ ـ حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە تیکوشانی خۆی‌دا پەیڕەوی لە تیئوری زانستی پێگەیشتنی کۆمەڵ دەکا ٠

**بەندی دووهەم ـ ئەندامەتی حیزب :**

١ ـ هەموو هاونیشتمانیەکی دانیشتووی کوردستانی ئێران و هەموو کوردێکی ئێرانی کە

تەمەنی گەیشتبێتە ١٨ساڵ دەتوانی ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستان بێ ئەگەر :

– بەرنامە وپیرەوی ناوخۆی حیزب پەسند بکا .

– لە یەکێك لە رێکخراوەکانی حیزب دا تێبکۆشێ .

– مانگانەی ئەندامەتی بدا .

– بە ئینسانێکی نیشتمانپەروەر و پێشکەوتوو ناسرابێ .

**بەندی سێهەم ـ ئەرکەکانی ئەندامی حیزب :**

١ ـ ئەرکی ئەندامی حیزب ئەوەیەکە :

– بۆ هێنانەدی ئامانجەکانی حیزب کە لەبەرنامەدا هاتووە تێبکۆشێ .

– بەهەموو هێز و توانایەوە یەکەتی تەشکیلاتی و فیکری حیزب بپارێزێ .

– بە پێی پێرەوی ناوخوی حیزب پەیرەوی دیسیپلینی حیزبی بێ .

– نهێنییەکانی حیزب بپارێزێ .

– پایەی تێگەیشتنی سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی بەرز بکاتەوە .

– سیاسەتی حیزب بەرێتە ناو کۆمەلانی گەل و پەیوەندی حیزب دەگەڵ خەڵك پتەوتر بکا و لە را و تاقی کردنەوەیان کەڵك وەربگرێ .

**بەندی چوارەم ـ مافەکانی ئەندامی حیزب :**

١ ـ ئەندامی حیزب مافی ئەوەی هەیە کە :

ـ بۆ هەموو ئۆرگانێکی حیزب هەڵبژێری و هەڵبژێردرێ .

ـ لە هەموو ئەندامێك یا ئۆرگانێك لە کۆبوونەوەکانی حیزبیدا یا بە هۆی چاپەمەنی حیزبی رەخنە بگرێ .

ـ بە هەموو ئورگانێکی حیزبی پێشنیار بکا، نەزەری خۆی بلێ ، یاپرسیاری لێبکا .

ـ لە هەموو ئۆرگانێکی خوارتر بۆ ئۆرگانێکی سەرەوەتر شکات بکا .

ـ لە دانانی رێبازی سیاسی حیزبدا بەشدار بێ .

ـ لە هەموو کۆبوونەوەیەکی حیزبیدا کە بەراوردی تێکۆشانی سیاسی و حیزبی ئەو دەکا و دەیەوێ قەراری لەسەر بدا ئامادە بێ .

**بەندی پێنجەم ـ شەرتەکانی وەرگرتنی ئەندام :**

١ ـ بۆ ئەوەی ئەندامێك وەربگیرێ دەبێ :

ـ دوو ئەندامی حیزب ناسێنەری بن .

ـ ساڵێك ماوەی تاقیکردنەوە تەواو بکا .

ـ بە هۆی زۆربەی ئەندامانی شانە یا ئۆرگانێکی سەرەوەتر بەئەندام وەربگیرێ .

٢ ـ ئەو کەسانەی ناتوانن ئەندامی حیزب بن :

ـ خائین بە گەلی خۆ و یا جاسووس بن .

ـ رەگەزپەرستو کۆنەپەرست بن .

ـ ئەندامی حیزبێکی سیاسی دیکە بن .

**بەندی شەشەم ـ سزادانی ئەندام :**

١ ـ ئەو ئەندامانەی کە ئەرکی خۆیان بەجێ ناهێنن و یا بە پیچەوانەی پێڕەوی حیزب دەجوولێنەوە سزا دەدرێن . سزای حیزبی بریتی‌یە لەسەر کۆنەبەدەم ، سەرکونە بە نووسراو ، ئەستاندنەوەی لێپرسراوی ، هەلپەساردن و دەرکردن لە حیزب . زۆرترین ماوەی هەلپەساردنی ئەندام ساڵێکە ئەندامی هەلپەسێردراو لە ماوەی هەلپەساردنی‌دا خاوەنی مافی ئەندامی حیزب نیە .

٢ ـ سزای حیزبی بە زوربەی دەنگەوە لەلایەن ئەو ریکخراوە حیزبیەوە دەدرێ کە ئەندامی حیزب لەوێ دا تی‌دەکوشێ .

٣ ـ مەبەست لە سزای حیزبی پەروەردەکرانی ئەندامە و تەنیا ئەو کاتە ئەندام سزا دەدری کەرێگای تر وەک رەخنە و ئامۆژگاری لە چاک‌کردنەوەی ناکاری‌دا کارێکەر نەبووبێ .

٤ ـ ئەندامی دەرکراو مافی ئەوەی هەیە لە ئۆرگانی سەرەوەتر داوای پێراگەیشتن بکا و مافی هەیە داوای خۆی بۆ کۆنگرەش بنێری ٠

**بەندی حەوتەم – دارشتنی قەوارەی حیزب :**

١ ـ ئەسلی بنەرەتی دارشـــتنی قەوارەی حیزب سانترالیزمی دیموکراتیە ٠

٢ ـ سانترالیزمی دیموکراتی بەومانایەیە :

ـ هەموو ئورگانەکانی حیزبی لە خوارەوە بۆ سەرێ هەلدەبژێردرێن ٠

ـ ئۆرگانەکانی حیزبی بـــــە رێکوپێکی رابۆرتی تێکوشانی خۆیان هەم بەو ئەندامانە کـــە هەلیان بژاردوون وهەم بە ئۆرگانەکانی سەرەوە تر دەدەن ٠

ـ ئەندام پەیرەوی رێکخراو و کەمـــایەتی ئەندامان پەیرەوی زوربەی ئەندامانە ٠

ـ لەناو حیزبدا بۆ هەموو ئەندامانی حیزب بێجیاوازی یەك دیسپلین هەیە ٠

ـ بریاری ئۆرگانەکانی سەرەوە بەبێ شەرت لەلایەن ئۆرگانەکانی خواروو جێبەجێ دەکری ٠

٣ ـ باس‌کردن وبڕیاردان لـه سەرەوەترین ئۆرگانەوە هەتا خوارێ بە پێی ئیمکان ، دەستـه جەمعیه ( پێکەوەیە ـ هەرەوەزیە ) • فەرد پەرستی و تەکڕەوی لە حیزبدا جێگای نیە •

**بەندی هەشتەم ـ کۆنگرەی حیزب :**

١ ـ بەرزترین ئۆرگانی حیزب کۆنگرەیە •

٢ ـ کۆنگرەی حیزبی هەر دوو ساڵ جارێك لە ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و بە نیسبەتێك کە کومیتەی ناوەندی دیاری دەکا لە نوینەرانی هەموو ئەندامان و ڕێکخراوەکانی حیزبی پێك‌دێ •

٣ ـ کۆنگرەی ( فوق العاده ) لەسەر داوای کومیتەی ناوەندی یا یەك لەسێی هەموو ئەندامانی حیزب پێك‌دێ •

٤ ـ ئەرك و سەلاحیەتی کۆنگرە ئەمانەن :

ـ باسی ڕاپورتی کومیتـەی ناوەندی دەکا و بڕیاری لەسەر دەدا •

ـ ڕێبازی گشتی سـیاسی و ستراتیژی و تاکتیکی حیزب دیاری دەکا •

ـ بەرنامە وپێڕەوی ناوخۆی حیزب دادەنی و ئەگـەر بـە پێویست بزانی دەستیان لێ‌دەدا و دەیان گۆڕی •

ــ کومیتەی ناوەنــدی حیــزب هەڵدەبژێرێ ٠ ئەندامی کومیتەی ناوەندی هەر ئەبی دەبێ سێ‌سال رابردووی ئەندامەتی حیزبی هەبێ ٠

**بەندی نۆهەم ــ کونفرانسی حیزبی :**

١ ــ کۆنفرانسی حیزب بانگ دەکرێ ئەگەر :

ــ ئیمکانی بەستنی کۆنگرە نەبێ ٠

ــ گیروگرفتی ئەوتۆ بیتەپیش کە کومیتــەی ناوەندی نەتوانی چارەسەری بکا ٠

ــ لەوەزعیکی ئەوتودا کونفرانس سەلاحیەتی کونگرەی هەیە ٠

٢ ــ کۆنفرانس لــــە ئەندامانی کومیتــەی ناوەندی‌و نوێنەرانی کۆمیتەکانی شار و شارستان و ئەو رێکخراوانە پێک‌دێ کە ســەر بەکومیتـــەی ناوەندین ٠

**بەندی دەهەم ــ کومیتەی ناوەندی :**

١ ــ کومیتەی ناوەندی لە ماوەی بەینی دوو کونگرەدا بەرزترین ئۆرگانی حیزبیە و کاروباری حیزب هەڵدەسووڕێنێ ٠

٢ ــ ئەرک و سەلاحیەتی کومیتەی ناوەنــدی ئەمانەن :

ـ بڕیارەکانی کۆنگرە دێنێتە دی •

ـ مەسئوولە لە پەیوەندی حیزب دەگەڵ هەموو ڕێکخراو و حیزبەکانیتر •

ـ بۆرۆی سیاسیو سکرتێری گشتی حیزب هەڵدەبژێرێ کە بەرامبەر بە کومیتەی ناوەندی مەسئوولن •

ـ نیسبەتی مانگانەی ئەندامانی حیزب دیاری دەکا و مەسئوولە لە خەرج و دابەش کردنی داهاتی حیزب •

ـ هەرنەبێ سێ مانگ جارێك کۆدەبێتەوە • ئەندامانی زەخیرەی کومیتەی ناوەندی لەکۆبوونەوەکانی کومیتەی ناوەندی دا بەشدار دەبن و دەنگی مەشوەرەتییان هەیە •

**بەندی یازدەهەم ـ بۆرۆی سیاسی :**

١ ـ لە ماوەی ناو دوو کوبوونەوەی کومیتەی ناوەندیدا بوروی سیاسی ئەرکی کومیتەی ناوەندی وەئەستۆدەگرێ و مەسئوولی بەجێهێنانی بڕیارەکانی کومیتەی ناوەندیە •

٢ ـ بوروی سیاسی ڕاپۆرتی خۆی بەڕێك و پێکی بە کومیتەی ناوەندی دەدا •

## بەندی دوازدەهەم ـ ڕێکخراوەکانی حیزب :

١ ـ ڕیکخراوی بنەڕەتی حیزب شانەیە . ژمارەی ئەندامانی شانە نابێ لە سێ کەس کەمتر بێ .

٢ ـ ڕێکخراوەکانی حیزب ، لە ناوچە کومیتەی ناوچە ، لە شار کومیتەی شار و لە شارستان کومیتەی شارستان بەرێوەی دەبا .

٣ ـ ئەرکی شانەو کومیتەکانی شارو شارستان بڵاوکردنەوەی سیاسەتی حیزب لە ناو کۆمەڵانی خەلك و بەجێ‌گەیاندنی بڕیارەکانی کومیتەی ناوەندی و هەڵسووڕاندنی کاروباری حیزبی‌یە .

٤ ـ کومیتەی هەموو ڕیکخراویکی حیزبی لە لایەن ئەندامانی ئەو ڕیکخراوە هەڵدەبژێردرێ .

٥ ـ بەرزترین ئۆرگانی هەر ڕیکخراویک کۆنفرانسی ئەو ڕیکخراوەیە کە هەر نەبێ دوو ساڵ جارێك لە نوێنەرانی هەموو ئەندامانی ئەو ڕیکخراوە پێك‌دێ .

**بەندی سیزدەهەم – داهاتی حیزب :**

١ – داهاتی حیزب لە مانگانەی ئەندامان و داهاتی بنکەکانی حیزب و یارمەتی دۆستانی حیزب پێکدێ ٠